# بەهمەن قوبادی:

## رازیبووم بەشێك لە( نیوەمانگ ) سانسۆر بکەن بۆ ئەوەی قەدەخە نەکرێت بەڵام بەداخەوە دواجار دەستگا پەیوەندیدارەکانی ئێران فیلمەکەیان هەر قەدەخە کرد.

- نورەدین وەیسی




لەچوارچێوەی فێستیڤاڵی نێودەولەتی فیلم لەتۆرۆنتۆ رۆژی 9/9/2006 لە هۆڵی Isabel Bader Theater بەئامادەبوونی بینەرێکی زۆر کەخۆی لەنزیکەی هەزار کەس دەدا یەکەمین نمایشی فیلمی( نیوەمانگ Half Moon)ی دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادی بەڕێوەچوو.

نیوەمانگ فیلمێکی نیمچەکۆمێدییەو باس لە بنەماڵەیەکی میوزیکژەنی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کەلەسەروبەری رووخانی رژێمی سەدام حوسێندا بەنیازی سازکردنی کۆنسێرتێك روو لەشاری هەولێر دەکەن بەڵام گەشتەکەیان سەرناگرێت و لەلایەن پاسەوانانی سنووری ئێرانی تووشی کێشە دەبن بەتایبەتیش چونکە خانمە گۆرانبێژێکیشیان لەگەڵدایە کەلەئۆتۆمبێلەکەدا (باسێکی قوتابخانەیە) شاردوویانەتەوە چونکە لەئێران قەدەخەیە ژن گۆرانی بڵێت ، ئەم رۆڵەش ئەکتەری ناسراوی ئێرانی (هەدیە تارانی )دەیگێڕێت.

فیلمی نیوەمانگ کۆمەڵێك لایەنی پۆزەتیڤی کۆمەڵگەی کوردستان نیشان دەدات بەتایبەتیش خۆشەویستی وڕێزگرتن لەمیوزیك وهونەر بەپێچەوانەی سەربازانی ئێرانی کەشەق لە ئامێرەکانی میوزیك هەڵدەدەن، زمانی فیلمەکە تێکڕاکوردییەو تەنها هەندێك دایەلۆگی کورتی فارسی تێدایە

ودیمەنەکانیشی لە نێوچەی هەوراماندا گیراون وئەکتەرەکانیشی ئاستێکی یەکجار بەرزی نواندن نیشان دەدەن، قوبادی ئەم فیلمەی پێشکەشی یادی 250 ساڵەی لەدایکبوونی میوزیکژەنی ناسراوی جیهانی مۆزارت کردووە.

رۆژی دووشەممە11/9/2006 بۆ جاری دووەم وبەبەشداری بینەرێکی زۆری کەنەدی فیلمەکە نیشاندرایەوەو دواتریش بەهمەنی قوبادی بە زمانی کوردی کورتە باسێکی لەسەر فیلمەکە پێشکەشکردوئاماژەی بەو ئاستەنگ وگرفتانە کرد کەدێنە پێشی بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکانی و وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانیشی دایەوە.

لەدیدارێکی رۆژنامەوانیدا کۆمەڵێك پرسیارم لەبارەی ئەم فیلمەو کاروچالاکی وپرۆژەکانی ورەوشی سینەمای کوردی(ئەگەر ئەم دەستەواژەیە راست بێت)ئاراستەی کاك بەهمەن کرد ، لەبارەی قەدەخەکردنی فیلمی نیوەمانگ لە ئێران قوبادی ئاشکرای کرد کە ئەو تەنانەت رازیبووە بەشێك لەفیلمەکەش سانسۆربکرێت بەمەرجێك قەدەخە نەکرێت بەڵام دەستگا پەیوەندیدارەکانی ئێران دواجارقەدەخەیان کردوگوتیان ئەم فیلمە گیانی کوردی ونەخشەی کوردستانی تێدایە وقەدەخەیە. قوبادی ئاشکرایکرد کە لەفیلمەکانی پێشووتریشی تووشی تەنگپێهەڵچنین بۆتەوە بەتایبەتی فیلمی (گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم )بەوبیانووەی کەناونیشانی فیلمەکە بۆنی جوداخوازی لێدێت.

قوبادی گوتی هەرفیلمێك بەزمانی کوردی نەبێت ورۆحی کوردی تێدا نەبێت فیلمی کوردی نییەو راستییەکەشی ئێمە تائێستا شتێکمان نییە ناوی سینەمای کوردی بێت ، بۆیە دەبێت هەوڵی بنیاتنانی سینەمای کوردی بدەین،بەهمەن ئەگەرچی ستایشی نێچیرڤان بارزانی ود.بەرهەم ساڵح–ی کرد کەهەوڵدەدەن پشتیوانیی وهاوکاری کاری سینەمایی بکەن لەکوردستاندا بەڵام لەهەمانکاتدا گلەیی لەوەش کرد کەتا ئێستا وەك پێویست کارێکی وانەکراوە کە سینەمای کوردی دروست ببێت وگوتی زۆر بەداخەوە نازانم بۆ نایکەن؟!

جێی باسکردنە بڕیارە ئەم هەفتەیە ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ سیمینارێکی تایبەت بۆ بەهمەنی قوبادی رێکبخات کە تێیدا باس لە فیلمی نیوەمانگ و کاروپرۆژەکانی دەکات.

**<u>* کاستی سەرەکی فیلمی نیوەمانگ:</u>**

- نووسین وبەرهەمهێنان ودەرهێنان: بەهمەنی قوبادی
- ئیسماعیل غەففاری : مامۆ
- ئەڵڵا موراد رەشتیانی: کاکۆ
- هەدیە تارانی: هێشوو
- گوڵشیفتە فەراهانی: نیوە مانگ
- سەدیق بەهزادپوور: شوان

ماوەی فیلم : کاتژمێرێك ودە خولەك

---

*** لە دەرفەتێکی دیکەدا دیدارەکە بەدرێژی بڵاو دەکەینەوە.**









